


## هاوكار لەتیف:
## باشترین یاریزانی خولی نایابی كوردستان

# هیوادارم زیاتر ڕێز لە یاریزانان بگیرێت و گرنگییان پێبدرێت



خولی نایابی یانەكانی كوردستان ئەمساڵ چەندین یاریزانی بەتوانای تێدا دەركەوت كە پاشەڕۆژێكی پڕشنگدار لە چاوەڕوانی ئەوانە، بۆ ئەوەی زیاتر تواناكانیان بخەنە گەڕ، هاوكار لەتیف یەكێكە لەو بەرگریكارانەی كە ئەمساڵ لە ریزی یانەی نەورۆزی خاوەنی پلەی سێیەمی ریزبەندی یانەكانی كوردستان توانی ئاستێكی بەرز پێشكەش بكات، ئەوەش دڵی یانەكەی خۆش كرد كە بووە هۆی دوورخستنەوەی مەترسییەكان لەسەر گۆڵی یانەكەی، هەر بەم هۆیەشەوە هاوكار توانی نازناوی باشترین یاریزانی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەكانی كوردستان بەدەستبهێنێت.، یاریزانی ناوبراو لە دایكبووی ساڵی ١٩٩٠ی قەزای چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانییە، قوتابی زانكۆیە و پێشتریش بۆ ریزی هەر یەك لە یانەكانی سۆلاڤ و كەركووك و چەمچەماڵ یاری كردووە، ئەمساڵیش لە ریزی یانەی نەورۆز درێژەی بە ژیانی وەرزشی داوە، لە نزیكەوە چەند پرسیارێكمان ئاڕاستەی كرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: كارزان كانەبی



*** چۆن بوو لە شـــاری چەمچەماڵەوە پێوەندیت بە یانەی نەورۆزەوە کرد؟**

- دوای ئـــەوەی یانەی نەورۆز لە ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان یاری دەکرد، توانی خۆی بگەیەنێتە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردســـتان، ئەوان بە فەرمی داوایان لە من کرد وەکو یاریزانێك گرێبەســـتیان لەگەڵ واژوو بکەم، منیش بە داواکەی ئەوان ڕازی بووم و بوومە یاریزانی یانەی نەورۆز.

*** ئەمساڵ بوویتە باشترین یاریزانی خولی کوردستان، کێ بەهرەی تۆی دۆزییەوە و چ کەسێك زیاتر هاندەرت بووە؟**

- هەر یەك لە ڕاهێنەرانی بەتوانای کوردستان رزگار عەلی و ئەرسەلان جەلال کە ئەوان زۆر خۆیان ماندوو کردووە لەگەڵ مـــن، ئەوان هۆکار بوون بۆ بەرزبوونەوەی ئاســـتی من وەکو یاریزانێك، خۆیشم بە قەرزاریان دەزانم.

*** ئاستی ئەمساڵی خولی پلە نایابی کوردستان چۆن بوو بەگشتی کە تۆ لە زۆربەی یارییەکان بەشداربوویت؟**

- ئەمساڵ بە گشتی خولێکی بەهێز بوو، ئاستی تیپەکەمان زۆر بەرز بوو، بەڵگەشم بۆ بەهێزیی خولەکە کێبڕکێی یانەکانی پێشـــەنگ بوو تا کۆتایی هەفتەی خولەکە، ساڵ بە ساڵیش ئاستی خولی کوردستان زیاتر بەرەو پێش دەچێت.

*** هۆکاری چی بوو نەبوونە پاڵەوانی خولەکە؟**

- بەهـــۆی ئەوەی کە ئێمە وەکـــو یاریزانان ماندوو ببووین، جگە لەوەش زۆری کارتی ڕەنگاوڕەنگی یاریزانان و نەبوونی یاریزانی یەدەگی باش وەکو شوێنگرەوەی یاریزانە سەرەکییەکان، ئەمانە هۆکار بوون کە نەمانتوانـــی ببینە پاڵەوانی خولەکە هەرچەندە کێبڕکێی باشمان لەگەڵ یانەکانی تر کرد.

***بەدەستهێنانی نازناوی باشترین یاریزانی خولی کوردستان بە شایستەی خۆتی دەزانی؟**

- من لە یارییەکان ئاســـتی باشم پێشکەش کردو مافێکی ڕەوای خۆمە کە بوومە باشترین یاریزان، جگە لەوەش ئەگەر ئـــەم نازناوە بە منیش نەدرایە بۆ یاریزانێکی تری یانەکەمان دەبوو، چونکە یانەی نەورۆز یاریزانی زۆر بەتوانا و ئاســـت بەرزی تێدایە کە خاوەنی زۆر شت بوون.

*** وەکـــو باشـــترین یاریزانی کوردســـتان، پێت باشـــە بۆ بەرەوپێشبردنی خولی کوردستان دەبێت چی بکرێت؟**

- ساڵ بەســـاڵ خولی کوردســـتان بەهێزتر دەبێت، منیش وەکـــو یاریزانێك پێم باشـــە یەکێتیی ناوەندیـــی تۆپی پێی کوردستان کە لە ماوەی ڕابردوودا خزمەتی باشی بە وەرزشی کوردستان کردووە، بە هەمان نەفەسەوە بەردەوام بێت بۆ زیاتر بەرەوپێشـــبردنی تیپەکان و ڕاهێنـــەران و خولی بەردەوامیش بکرێتەوە بەگشتی، مافی یاریزانانیش لەلایەن هیچ کەسێکەوە نەخورێت.

*** گرفتی وەرزشی کوردستان زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- پێویســـتە زیاتر گرنگی بە کردنـــەوەی یاریگە بدرێت، جگە لەوەش خراپیی ئاســـتی ئیداریی یانـــەکان هۆکارە بۆ ریزی یانـــەکان و پێنەگەیاندنی یاریزانانی لاوان بۆ داهاتوو .

*** ئەمســـاڵ هیـــچ گرێبەســـتێکت پێشکەشکراوە ؟**

- بەڵێ ئەمســـاڵ چەندین یانـــە پێوەندییان پێوە کردووم بۆ ئـــەوەی لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردســـتان یارییان بـــۆ بکەم، بەڵام من جارێك هیچ بڕیارێکم نەداوە بۆ داهاتووی خۆم.

*** بـــۆ وەرزی داهاتـــوو لەگەڵ یانەی نـــەورۆز بەردەوام دەبیت؟**

- ئەگەر گرێبەستێکی باشم بۆ بێت، ڕەنگە یانەی نەورۆز جێبهێڵم.

*** وەکو یاریزانانی تری شارەکانی تری پارێزگای سلێمانی ئەگەر گرێبەســـتێکت لە دەرەوەی شارەکە بێت، ریزی یانەکە جێ دەهێڵیت؟**

- من جارێك سەیری گرێبەستەکان دەکەم و ئەوکات بڕیاری خۆم دەدەم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە ؟**

- بەردەوام دەبم لە وەرزشکردن تاکو دەتوانم خزمەتی وەرزشی کوردســـتان دەکەم، لە داهاتووشدا هەر دەمەوێ لە ناو وەرزش بمێنمەوە و بەردەوام بم لە خزمەتکردن.

***هیواو ئاواتت وەکو کوڕە وەرزشکارێك چییە؟**

- هیوادارم کوردســـتان وەکو وڵاتانی تری جیهان لە بواری وەرزشی پێشبکەوێت، چونکە ئێمەش توانای ئەوەمان هەیە کە ببین بە وەرزشکارێکی بەتوانا و خزمەتی کوردستان بکەین.

*** هۆکاری خراپیی ئاســـتی بەشـــێك لە تیپەکانی شاری سلێمانی لە خولی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بۆ پشتگوێخســـتنی خولی کوردســـتان، بایەخ نەدان بە یاریزانان و کەمیی داهات و هێنانی یاریزانان ئەوانە هەموو هۆکاربوون بۆ خراپیی ئاستیان.

*** بە چ یاریزانێکی بیانی سەرسامی؟**

- بە یاریزانی ئیســـپانی ســـیرجۆ رامۆس ـی بەرگریکاری یانەی ریال مەدرید.

*** لە کۆتاییدا چیت ماوە باسی بکەیت؟**

- هیـــوادارم زیاتر ریز لـــە یاریزانان بگیرێت و گرنگیـــان پێبدرێت و خزمەت بکرێـــن، ئێمەش زیاتر خۆمـــان ماندوو بکەین بۆ ئەوەی ئاســـتی باشتر پێشکەش بکەین.



# جۆن تیری :
# چوونی پیتەر چیک بۆ ئەرسناڵ بە گرنگ دەزانێت




کاپتنی یانەی چێڵسی ئینگلیزی جۆن تیری ئاماژەی بە ڕۆڵـــی گۆڵپارێزی یانەکەی پیتـــەر چیك کرد کە چاوەڕوان دەکرێت بەمنزیکانە بەفەرمی بگوازرێتەوە یانەی ئەرســـناڵ و بەباشترین گۆڵپاریزی جیهانی ناســـاندو روونیکردەوە یانەی بلـــوزی لەچەندین وەرز رزگار کـــردووە. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی دەیلی مەیلـــی بەریتانی لەزاری بەرگریکاری بەتوانا جۆن تیری بڵاویکردۆتەوە چیك لەتوانای هەیە ئەرســـناڵ لەبەهەدەردانی خاڵ ڕزگار بـــکات کە نزیکەی ١٢بۆ ١٥ خـــاڵ دەبێت لەهەر وەرزێك و بەراستی گۆڵپارێزێکی ئاســـت بەرزەو جیاوازی لەگەڵ گشت تیپێك دروست دەکات و دەســـتکەوتی زۆریشی بە چێڵسی بەخشیوە بەدرێژایی ساڵانی رابردوو. هەروەها ناوبراو ئاماژەی بۆکردوە ئەرسناڵ زۆر سوود مەند دەبێت لە شارەزایی چیك و خاڵی زۆریان بۆ کۆدەکاتەوە. شـــایەنی وتنە بە پێی بۆچوونەکانی جۆن تیری پێت ئەرسناڵ دەتوانێت ببێتە پاڵەوانی پریمەرلیگ.

# رافائیل بینیتز : رۆیشتنی یاریزانانی ریال رەتدەکاتەوە




لەمیانی دیدارێکی لەگەڵ پێگەی یانەی شاهانە بەڕێوەبەری هونەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی رافائیل بینیتز دووپاتیکردەوە پلانێکی هێرشبەرانە پەیرەو دەکات و چەند گرێبەستێکیش لەداهاتوو ئەنجام دەدەن. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی ئێس بڵاویکردۆتەوە بینیتیز روونیکردۆتەوە ئەو دەنگۆیانەی بڵاودەکرێنەوە دەربارەی ئەستێرەکانی یانەکە بەهیچ شێوەیەك ڕاست نین و دوورن لەراستیەوە. هەروەها رافائیل رایگەیاند بەردەوامە لەپەیوەندیکردن لەگەڵ سەرجەم یاریزانەکان و قسەی لەگەڵ هەریەك لە ئیکەر کاسیاس و سێرجیۆ رامۆس و کریستیانۆ رۆنالدۆ و ئیسکۆ و بێل کردوەو بەپێچەوانەوە هیچ یەکێکیان یانەکە جێ ناهێڵن و سەرجەمیان لەبارێکی باشدان.

سەبارەت بەپلانی داهاتووی تیپەکە ئەو ڕاهێنەرە تازەیەی یانەی شاهانە وتی یاریزانی هێرشبەرمان هەیە، بۆیە ستراتیژیەتی ئێمە هێرشبەرانەیە و جیاوازی نێوان ستراتیژیەت و پلانی یاریکرن جیایە لەوانەیە بەپلانی ٤-٤-٢ یاخود ٤-٣-٣ یاری بکەین، بەڵام ستراتیژیەت لەگۆڕانکاری دایە.

دەربارەی گرێبەستی نوێ بینیتز روونیکردەوە چەند یاریزانێکی نوێ هەیە لەوانە دانیلۆ و کاسیمیرۆ، بەڵام لەو بڕوایە دانیم تیپەکەی ئێستا زۆر باش بێت. لەوەڵامی پرسیاری گەڕانەوەی بۆ میرینگی ڕاهێنەری نوێی یانەی شاهانە جەختی کردەوە وەکو ئەوە وایە کە پیاوێك گەرابێتەوە ماڵەکەی و من لەو پەری خۆشحاڵی دام بۆ کارکردن لەگەڵ تیپەکەو زۆر گەشبینم بە داهاتوو.



# یۆڤانتۆس بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ ماریۆ ماندزوکیچ ئەنجامدا




یانەی یۆڤانتۆس ئیتاڵی بەشێوەیەکی فەرمی رایگەیاند گرێبەستیان لەگەڵ یاریزانی کرواتی ماریۆ ماندزۆکیچی هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی ئەنجامداوە بۆ ماوەی چوار ساڵ. ئەمەو لەبەیاننامەیەکدا پێگەی فەرمی یانەکە بڵاویکردەوە ماریۆ ماندزوکیچ گەیشتۆتە شاری تۆرینتۆی ئیتاڵی و پشکنینی پزیشکی بۆ ئەنجام دراوە لەیەکێك لە بنکە تەندروستیەکان. هەروەها لەبەیاننامەکەدا ئاماژەی بۆئەوەکردوە ئەو یاریزانە کرواتیە بەپێی گرێبەستێك رووی لە یۆڤۆنتۆس کردەوە بەبڕی ١٩ ملیۆن یۆرۆ کە بەشێوەی سێ قیست دەدرێت، بەجۆرێك یەکەم قیست لە هاوینی ئەمساڵ کە برەکەی ٧ ملیۆن یۆرۆیە دواتر دوو قستەکەی تری پێ دەدرێت لە هاوینی داهاتوو کە بری هەریەکێکیان ٦ ملیۆن یۆرۆیە لەگەڵ ٢ ملیۆن یۆرۆ بەپێی رێژەی بەشداربوونی ئەو یاریزانە لەیاریەکان و ئەنجامی تیپەکەو بەدەست هێنانی نازناوەکان. شایەنی وتنە یاریزانی ئەرژەنتینی یانەی یۆڤانتۆس کارلۆس تیڤێز نیوی لە نێو دوو کەوانەدایە ئەمیش بەهۆی ئەگەری گەڕانەوەی بۆ خولی تۆپی پێی وڵاتەکەی و چوونە ریزی یانەی بۆکا جۆنیۆرز کەسەرەتای دەرکەوتنیشی هەر لەگەڵ ئەو یانەیە بوو بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ.



# هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان بۆ پاڵەوانێتیی نۆر وای کوپ ئامادەکاری دەکات

هەر چەندە بڕیارە رۆژی ٢٣ی مانگی داهاتوو یارییەکانی پاڵەوانێتیی نۆر وای کوپ لە وڵاتی نەرویژ دەست پێبکات بۆ هەڵبژاردەی لاوانی وڵاتان، هەڵبژاردەی کوردستانیش کە هەفتەی ڕابردوو بەرەو وڵاتی تورکیا بەڕێکەوت بۆ چاوپێکەوتنی یاریزانان و بۆ پێدانی فیزا بە یاریزانان، بەڵام هەڵبژاردەی لاوانی کوردستان تەنیا چەند رۆژێك مەشقی کردووە و ٢٣ یاریزانی دیاری کردووە بۆ بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتییە، ڕاهێنەران و یاریزانانی ریزی هەڵبژاردەی کوردستان لەم بەشداریکردنەیان چاویان لەوەیە کە بتوانن ئەنجامێکی گەورە بەدەست بهێنێن لە یارییەکانی پاڵەوانێتییەکە، لە بارەی ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردەکەش ئەرسەلان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: «ئێمە لە نێوان ٥٠ یاریزان تەنیا ٢٣ یاریزانمان هێشتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئێمەی تووشی گرفت کردبوو، ئەوەیە ژمارەیەك لە یاریزانان نەیانتوانی بێن ئامادەی مەشقەکان بن بەهۆی ئەوەی کە قوتابی پۆلی ١٢ی ئامادەیی بوون، بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانانیش من وەکو ڕاهێنەر و دەستەی ڕاهێنەران خۆمان سەرجەم یاریزانانمان بە پێی ئاست و توانای خۆیان دیاری کردووە بۆ ریزی هەڵبژاردەکە، هیچ کەسێکیش دەستی لە کاروباری هونەری ئێمە وەرنەداوە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ یاریزانانم هەڵبژاردووە، ئەوەشم بە هەموو لایەك ڕاگەیاندووە کە من یاریزانان لەسەر بنەمای ئاست هەڵدەبژێرم، ئەوە پێوەرە لای من و هیچی تر پێوەر نییە بۆ ئەوەی سوود بە هەڵبژاردەی کوردستان بگەیەنین»، وتیشی: «لە وڵاتی تورکیا بۆ چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کونسلیەی وڵاتی نەرویژ بۆ پێدانی فیزا سەردانی ئەم وڵاتەکەمان کرد و شەش رۆژ ماینەوە، هەر چەندە ئەم مانگە ڕەمەزانە، بەڵام ئێمە دەبێت بەرنامەیەکی تۆکمەتر دابنێین بۆ ئەوەی مەشقەکانمان لەگەڵ ئەو مانگە بە شێوەیەکی باشتر ئەنجام بدەین و یاریزانانیش بە شێوەیەکی باشتر ئامادەبکەین». لە بارەی ئەنجامدانی یاریی دۆستانەش وتی: «ئەوەی ڕاستی بێت ئێمە بەنیازی ئەوەین چەند یارییەکی دۆستانە ئەنجام بدەین، هەر چەندە ڕەنگە لە مانگی ڕەمەزان کێشەمان بۆ دروست بێت، بەڵام دەبێت ئەو گرفتە چارەسەر بکەین و بەرنامەی تۆکمەمان داناوە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە ئامادەکارییەکانمان دەست پێبکەین». لە بارەی بوونی زانیاری لەسەر تیپە بەشداربووەکانیش، وتی: «زانیاریمان کۆکردۆتەوە لە ڕێگەی ئەو ڕاهێنەرانەی پێشووتر کاریان کردووە لەگەڵ هەڵبژاردەکە لە پاڵەوانیتیەکانی پێشوو ئێمە متمانەی تەواومان بە خۆمان هەیە کە دەتوانین ناوی کوردستان بە بەرزی ڕابگرین.

# هەرێم بورهان گرێبەستی پێشکەشکراوە




دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو هەرێم بورهان نەیتوانی لەگەڵ یانەی سلێمانی بەردەوام بێت بەهۆی کێشەکانی لەگەڵ یانەکە و لە وەرزی ڕابردووشدا لە نێو وەرزی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بێبەش بوو بەهۆی ئەوەی کە نەیتوانی کێشەکانی لەگەڵ یانەکە چارەسەر بکات، بۆیە کێشەی ناوبراو بە هەڵوەسراوەیی مایەوە، لە ئێستاشدا هەرێم بورهان جگە لەوەی گرێبەستی پێشکەشکراوە، بڕی پارەی پێویستی خۆیشی لە یانەی سلێمانی وەرنەگرتووە، بۆیە لە چاوەڕوانی ئەوەدایە کە بتوانێ بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان چارەسەری کێشەکەی بکرێت و بگەڕێتەوە یاریکردن لە خولەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە هەرێم بورهان بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: «من لە دوای قۆناغی یەکەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان تاکو ئێستا بۆ یانەی سلێمانی یاریم نەکردووە. هەر چەندە من داوای دەستبەرداربوونم کرد لە یانەی سلێمانی، بەڵام ئیدارەی یانەکە ئەوەی ڕەتکردەوەو ئامادە نەبوون مافی دەستبەرداربوونم پێ بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا من ئامادە نەبووم بگەڕێمەوە یانەکە، ئێستاش چاوەڕوانی مافی خۆمم لە یانەی سلێمانی.»وتیشی: «ئەمساڵ لە چەندین یانە گرێبەستم پێشکەشکراوە، بەڵام بەهۆی وەرنەگرتنی مافی دەستبەرداربوون نەمتوانیوە بچمە هیچ یانەیەك»، لە بارەی بڕی گرێبەستەکەشی وتی: «هەر چەندە گرێبەستی من لەگەڵ یانەی سلێمانی ٢٧ملیۆن دینار بووە، بەڵام لە سەرجەم ئەو بڕە پارەیە تەنیا شەش ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دینارم پێدراوە، کە ئەوەش تەواوی مافی خۆم نییە، جگە لەوەش ڕاهێنەری یانەی سلێمانی ئەوەی بە من ڕاگەیاند کە سوود لە تواناکانی من نابینن، بۆیە ناتوانن لەگەڵم بەردەوامبن، دەبوایە دوای ئەم قسانە من سەرجەم مافەکانی خۆم وەربگرتایە لە گرێبەست و مافی گواستنەوەم، بەڵام جارێکی تر ڕێگرییان لێ کردم.»



# ڕاهێنەرە ڕۆمانییەکەی زاخۆ بۆ سێ ساڵ بەردەوام دەبێت




دوای ئەوەی یانەی زاخۆ بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ڕاهێنەری بەتوانای وڵاتی ڕۆمانیا (ئیلیان ستان) مۆرکرد بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئاستی بەرەوپێش بچێت، دەستەی کارگێڕیی بە فەرمی گرێبەستێکی سێ ساڵی لەگەڵ ڕاهێنەری تازەی یانەکەی مۆر کرد. یانەی زاخۆ هەر چەندە وەرزی ڕابردوو سەرەڕای هێنانی ڕاهێنەری تازە، ژمارەیەکی زۆری یاریزانانی عەرەب و بیانی هێنایە ریزی یانەکەی، بەڵام دواجار نەیتوانی ئاستی تیپەکە ببەنە قۆناغێکی تازە، بۆیە کارگێڕانی یانەکە پلانی ئەوەیان داناوە کە بە هێنانی ڕاهێنەرێکی ئاست بەرز بتوانن سەرلەنوێ تیپەکە ڕێکبخەنەوە، یانەی زاخۆش لە بارەگای تایبەتیی یانەکەی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بە فەرمی هەریەك لە ئیلیان ستانی ڕاهێنەری نوێی یانەکە و عەلی وەهیب بەڕێوەبەری تازەی تیپەکە بە فەرمی ناسێنران. خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ لە بارەی هێنانی ڕاهێنەری بەتوانای ڕۆمانی بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: «ئەمساڵ ئێمە بەرنامەی تایبەتی خۆمان هەیە بۆ ئەوەی تیپەکە سەر لەنوێ دروست بکەینەوە و ئاستی تیپەکەش بەرەوپێش ببەین، ئەم ڕاهێنەرە بەتوانایە لە سەر ئاستی وڵاتی ڕۆمانیا و وڵاتانی عەرەبی خاوەن نازناو و کەسایەتیی خۆیەتی، بۆیە ئێمە بە فەرمی و بۆ ماوەی سێ ساڵ گرێبەستمان لەگەڵی کردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەمساڵ ئەگەر نەشمانتوانی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، بەڵام کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانای کورد بۆ یانەکەمان بەرهەم بهێنێت». وتیشی: «ئێمە لە داهاتوو لەگەڵ ڕاهێنەر قسە دەکەین لەسەر چۆنیەتی گرنگیدان بە بەرهەمهێنانی یاریزانانی خۆماڵی و ئەویش سەرەتا بەڵێنی ئەوەی داوە کە هەرچی باش بێت بۆ یانەکە ئەنجامی بدات. هەروەها (عەلی وەهیب)مان هێناوە بۆ بەڕێوەبەری تیپ و ڕاهێنەریش بڕیاری داوە ڕاهێنەرێکی هێزی جەستەیی بهێنێت بۆ تیپەکە».

جێگەی ئاماژەپێکردنە ئیلیان ڕاهێنەری یانەکە لە چەندین یانەی بەناوبانگی وڵاتی ڕۆمانیا و خولەکانی عەرەبی لە هەردوو وڵاتی ئیمارات و سعودیە کاری کردووە، بڕیاریشە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە دیاریکردنی یاریزانان بکات و چەند راهێنەرێك لەگەڵ خۆی بهێنێت، وەکو ڕاهێنەری هێزی جەستەیی و یاریدەدەر و راهێنەری گۆڵچی، خۆیشی ماوەیەکی زۆر وەکو ڕاهێنەر و یاریزان لە ریزی یانەی سیتوا بوخاریست یاری کردووە و کاپتنی هەڵبژاردەی ڕۆمانیاش بووە.

